# کوا ئەو ئازادیەی هەمیشە باسی دەکەیت؟!

# نامەیەکی کراوە بۆ سکرتیری یەکیتی نیشتمانی کوردستان

ریبوار ئەحمەد

شەوی ١٩/٢٠ی کانونی دووەمی ٢٠٠٣ لە پەیوەند بە دابەش کردنی مەدالیا بە سەر دەستەیەك لە زیندانیەکانی یەکیتی نیشتمانیدا، وەکو شانازی بۆ خۆت‌و بۆ ئەوان‌و بۆ یەکیتی باسی ئەوەت کرد کە ئیستا لە کوردستاندا ئازادیەکی سیاسی تەواو هەیە بۆ هەموو حیزب‌و لایەن‌و ریکخراوەکان، ئازادی کارکردن‌و دەرکردنی رۆژنامەو دانانی رادیۆو... هەلبەت ئیوە لە هەموو بۆنەیەکدا ئەم قسەیە دوویات دەکەنەوە سەبارەت بە بوونی"ئازادی بێ سنور"و "ئازادی تەواو"... ئەمجارە لە پەیوەند بەم بەشەی قسەکانتەوە دەمەوێ چەند مەسەلەت لەگەل باس بکەم کە بە پیچەوانەی ئەو ئیدعایەوە نیشانەی پیشیلکردنی سەرەتایترین ئاستی ئازادی سیاسە لەلایەن یەکیتەوە. بەم جۆرەش بە پیی قسەکانی خۆت رووبەرووی مسئولیەتی کۆتایهینان بەو پیشیلکاریانە دەبیتەوە.

١/ یەك رۆژ پیش ئەم قسانەت ئاسایش‌و پۆلیسی یەکیتی بە قۆناغە تفەنگ سەروچاوی دەستفرۆشانی هەژاری شاری سلیمانیان شکاند، لەسەر ئەوەی بە خۆپیشاندانیك داوای دابینکردنی شونیکیان دەکرد تا مەشەقەتی رۆژانەی تیا بکیشن‌و پارویەك نان بۆ خیزانەکانیان دابین بکەن. ئیوە شانازی بە تەجروبەو وەزعیەتیکەوە دەکەن کە هەموو بەرپرسانی دوو حیزبی دەسەلاتداری نقومی سەروەت‌و ملك‌و پارە کردوە، بەلام لایەکی دانیشتوانی کۆمەلگای ناچار بە دەستفرۆشی کردوە، کەچی بە داپلۆسین وەلامی ئەو داواکاریە سادەیەیان دەدەنەوە. ئایا دەسەلاتیك کە خۆپیشاندانیکی هیمنانەی بەو جۆرە بۆ خواستیکی سادەو ساکاری لەو بابەتە، بەم شیوەیە سەرکوت بکات، سەرۆکەکەی حەقی شانازی کردن بە بوونی ئازادی سیاسی بۆ دەمینیتەوە؟!

٢/ حیزبی ئیمە ویستی کۆنگرەی خۆی لە شاری سلیمانی بە عەلەنی‌و بە بەشداری هەرکەسیك کە پیی خوشبیت، بەرپابکات. یەك مانگ‌و نیو پیش کاتی دیاریکراو بۆ بەستنی کۆنگرە دەزگا بەرپرسەکانی یەکیتیمان لەم مەسەلەیەو لە ئامادەیی خۆمان بۆ هاوئاهەنگی‌و ئیجراتاتی پیویست ئاگادارکردەوە، بەلام دوای ئەوەی هەموو ئامادەکاری پیویست بۆ بەرپاکردنی کۆنگرە تەواو کرابوو، دوای ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە میوان‌و نوینەران لە ولاتانی جۆراوجۆری دنیاو لە شوینەکانی دیکەی کوردستانەوە بە مەبەستی بەشداری لە کۆنگرە گەیشتبونە شاری سلیمانی، لە ئاخرین ساتەکاندا، وەزیری ناوخۆتان بە کتابیکی رەسمی پیی راگەیاندین کە ریگا نادەین کۆنگرە بگرن چونکە حیزبەکەتان ئیجازەی نیە. لە پیشدا دەپرسم کەی‌و چۆن‌و بە پیی کام یاساو لە کام دادگاو کام جلسەی دادگایدا ئیجازەی کارو هەلسوران لە حزبیك سەندراوەتەوە کە ١٠ سالە لەم کۆمەلگایەدا بە شیوەی سیاسی‌و شارستانی لە پیناو بەرگری لە ئازادی‌و ئینسانیەت‌و مافەکانی خەلکدا هەلدەسوری؟! پاشان حیزبی ئیمە لەسەر قسەی بەرپرسانی حکومیتان بۆ لابردنی ئەو ریگریانە داوایەکی تازەی بۆ ئیجازە پیشکەش کردو بەرپرسان لە پیشەوە گفتی ئەوەیاندا کە ئەگەر داوا پیشکەش بکەن بەخیرایی کارەکەی رادەپەرینین‌و تەواوی دەکەین، بەلام بۆچی تا ئیستا وا دەبیت بە مانگ‌و نیویك وەلامی داواکەمان نادەنەوە؟! ئەمە چ مامەلەیەکە یەکیتی لەگەل ئازادی سیاسی دیکات، حیزبیك بیەوێ کار بکات‌و تەنانەت کۆنگرەکەی بگریت، بە ناوی نەبوونی ئیجازەوە ریگای لێ دەگرن، کاتیکش داوای ئیجازە دەکات وەلامی نادەنەوە.

ئەو رەوشت‌و رەفتارە بەرامبەر کۆنگرەی ئیمە جگە لەوەی پیشیلکردنی سەرەتاکانی ئازادی سیاسیە، لە راستیدا بێ حورمەتیەکی گەورەش بوو بە هەموو ئەو خەلکەی کە ریگای دوریان بریبوو بە مەبەستی بەشداری لە کۆنگرە. یەکیتی نەك هەر ریگا لە کارو هەلسورانی ئەحزاب لە نیو خەلکدا دەگریت، بەلکو بەم کردارەی نیشانیدا کە ریگا لە کۆرو کۆبۆنەوەو کۆنگرە ناوخۆییەکانیشیان دەگریت.

٣/ چەند رۆژ لەمەبەر لە کاتی بە دوادا چونی داوای ئیجازەی حیزبماندا، لە ئاسایشی سلیمانی بە هاوریانی ئیمەیان ووتوە ئیجازەکەتان لەسەر ئەوە راوەستاوە کە دەبێ هەموو ئەوانەی وەکو دامەزرینەرانی حیزب داوای مۆلەتی حیزبیان کردوە، پینچ پینچ بین بۆ دائیرەی ئاسایش‌و تەحقیقیان لەگەل بکەین. بەراستی ئەمە چ رەوشت‌و رەفتاریکەو پەیرەوی لە کام یاسای دیموکراسی‌و کام شیوەی ئازادی سیاسی دەکات؟ ئایا ئەم رەفتارە لەگەل هەموو ئەحزابی دیکەی دۆست‌و هاوپەیمانی یەکتیی کراوە یان هەر وەکو بریاری "چۆلکردنی شارەکان لە مەقری چەکداری" تەنها شمولی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری دەکات؟ بە پیی کام یاسای ئازادی‌و دیموکراسی داوا دەکەن رابەران‌و هەلسوراوانی حیزبی ئیمە بۆ دانی مۆلەتی حیزب ببرینە ئاسایش بۆ

تەحقیق؟ ئاسایش تحقیقی چی لەم کەسایەتیە ناسراوو ناودارانە دەکات کە سالانیکی دورو دریژە لە کۆرو سمینارو متنیگ‌و مەراسیم‌و رۆژنامەدا لەگەل خەلك قسە دەکەن‌و پیشەنگی خەباتیانن بۆ ئازادی‌و یەکسانی‌و خۆشگوزەرانی؟

٤/ لە سایەی دەسەلاتی ئیوەدا حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری‌و ریکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان‌و سەنتەری پاریزگاری لە ژنانی کوردستان، قەدەغە راگەیەنراوون‌و وەکو لەسەرەوە باسم کرد ریگا لە هەلسورانیان دەگرن. هەروەها رۆژنامەکانی (بۆپیشەوەو ئۆکتۆبەرو یەکسانی) قەدەغە کراون‌و ریگا نادەن لە چاپخانەکان چاپ بکرین‌و لە کتابخانەکان بفرۆشرین. کەوایە چۆن دەتوانن باسی بوونی "ئازادی سیاسی تەواو بێ سنور" بۆ کاری حیزب‌و ریکخراوەو لایەنەکان بکەن لە ناو خەلکدا؟ لە هەر جیگایەك حزب‌و ریکخراوەو رۆژنامەی قەدەغە کراو هەبیت، بەلگەی نەبوونی ئازادی سیاسیە، ئیتر نە پروپاگەندە ئەتوانێ ئەم راستیە بشاریتەوەو نە هیچ بەهانەیەك پاساوی ئەدات.

بۆیە ئەگەر پابەندن بە قسەکانی خۆت با یەکیتی دەستهەلگرێ لەو پیشیلکاریانەو ریز لە ئازادی سیاسی بگرێ‌و ئەو ریگریانە لابەرن.

**٢٠٠٣-١-٢٠**

**تێبینی کوردستان نێت:**

**مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.**

**ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.........   ١٥-١-٢٠٠٣**

www.kurdistannet.org کوردستان نێت